# ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی
# ڕاپۆرتی ساڵانە
# ٢٠٠٢

**پوختە:**

(ناوەند) جگە لە تەواوکردنی ئەو چالاکییانەی کە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠١)دا دەستپێکردبوو، بۆ ساڵی نوێ توانی کۆمەڵێ چالاکی ئەنجام بدات کە ئەتوانین بڵێین چالاکی نەوعی بوون و پێشتر لەو جۆرە چالاکییانە ئەنجام نەدرابوون، وەك کردنەوەی (خولی مافەکانی مرۆڤ بۆ وتاربێژانی ئایینی لە سلێمانی، گەرمیان، شارەزوور)، (خولی مافەکانی منداڵ بۆ مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی)، پێشکەشکردنی دوو شانۆگەریی (ژن لەنێو تاوێرەکاندا)و (گەڕانەوە بۆ خوێندنگە)، دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی ڕێکخراوەکان، دەرکردنی بڵاوکراوەی (نامە) بۆ ناساندنی کارو چالاکی و پرۆژەی ڕێکخراوەکان. کە هەریەك لەم چالاکییانە ڕۆڵی کاریگەری بینیوە لە هۆشیارکردنەوەو چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤدا، هەنگاوێکی ئیجابی بووە بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی.

# چالاکییەکان

**یەکەم: خولی مافەکانی مرۆڤ بۆ وتابێژانی ئایینی لە سلێمانی:**

**بەڕێوەبەری چالاکی:** بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

**ڕێکخەر:** ئارام کەمال.

**وانەبێژان:**

- مەجید ئیبراهیم ڕەزا.
- مەلا حەمەئەمین چەمچەماڵی.
- د. صەباح بەرزنجی.
- مافناس بەکر حەمە صدیق.
- شێخ ماجید حەفید.
- شێخ عەلائەدین نوری.
- شێخ کەمال نوری.

**دەستپێکردن:** (٢٠٠٢/١/٨).

**تەواو بوون:** (٢٠٠٢/١/٣١).

**ژمارەی بابەتەکان:** ٢٤.

**ژمارەی بەشداران:** ٤٣ وتاربێژ.

**ناوچەی چالاکی:** سلێمانی، بەکرەجۆ، سەرچنار، ئەڵڵایی، تەیناڵو عەربەت، پیرەمەگرون، تاسلوجە، راپەڕین.

**پوختەی چالاکی:**

چالاکییەکە تایبەت بوو بە روونکردنەوەو شیکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلامو جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، توێژی هەڵبژێردراو بریتیبوون لە وتاربێژانی ئاینی، ئەمەش بەهۆی کاریگەریی پلەی کۆمەڵایەتییان لەنێو خەڵکدا، تا لە لایەک لە وتارەکانیاندا مافەکانی مرۆڤ بۆ خەڵك روونبکەنەوە، لە لایەکی کە خۆشیان زانیاری نوێیان لەلا گەڵاڵە ببێت.

**دووەم: (شانۆگەریی ژن لەنێو تاوێرەکاندا)**

**بەڕێوەبەری چالاکی:** بورهان قەرەداغی.

**ئەکتەرەکان:**

- هەوار شەریف.
- سارا ئەحمەد حەمە.
- کامەران سوبحان.
- نەبەز ئەحمەد.
- لوقمان محەمەد عەلی.

**یەکەم نمایش:** (٢٠٠٢/٤/٢٤).

**دوا نمایش:** (٢٠٠٢/٥/٢٧).

**ژمارەی نمایش:** (٢٢).

**شوێنی نمایش:** سلێمانی، هەولێر، دەربەندیخان، رانیە، چەمچەماڵ، کۆیە، چوارتا، قەرەداغ، بازیان، بەکرەجۆ.

**ژمارەی بینەر:** (٢٧٨٠).

**پوختەی شانۆگەرییەکە:**

بیرۆکەی شانۆگەرییەکە لە چوارچێوەی مافەکانی ژنانو رەتکردنەوەی جیاوازیی رەگەزیی لە نێوان پیاوانو ژناندا دەخولێتەوە، هەروەها بانگەشەی هاوسەرەکان دەکات بۆ چارەسەری کێشەکانیان پەنا بۆ گفتوگۆ ببەن.

لە میانەی شانۆگەرییەکەدا بەندەکانی رێکەوتننامەی (جیاکاریی دژی ژن) بۆ بینەران باسکرا.

**كاريگەريى چالاكيى:**

- شانۆگەرييەكە بە رادەيەك رەوشى ژنانى ستەملێكراوى دەخستە روو كە زۆرجار ئەو ژنانە خۆيان پێ رانەدەگیراو دەگريان.
- لە ميانەى شانۆگەرييەكەدا گفتوگۆى كراوە لەسەر كێشەكانى ژنان هەبوو، ژمارەيەكى بەرچاو لە بينەرانى ژن‌و پياو بەشدارييان تێدا دەكرد.
- شانۆگەرييەكە لە ناوچەيەكى زۆر نمايشكرا، ئەمەش هۆيەك بوو بۆ فراوانى كاريگەريى لە ناوچە جياوازەكاندا.

**سێيەم: پێشانگاى ژنانى قوربانى توندوتيژى.**

**سەرپەرشتيار:** بورهان قەرەداغى .

**رۆژى كردنەوە:** (٢٠٠٢/٤/٢٤).

**رۆژى كۆتايى:** (٢٠٠٢/٥/٢٧).

**پوختە:** ئەم پێشانگايە تايبەت بوو بەوێنەى فۆتۆگرافى ئەو ژنانەى كە دووچارى توندوتيژى بوونەتەوە، ياخود خۆيان سوتاندووە، ئەمەش بە مەبەستى هۆشياركردنەوەى هاوولاّتييان لە مەترسييەكانى توندوتيژى‌و دروستكردنى كاريگەرى لەسەر ژنان، تاخۆكوشتن‌و خۆسوتاندن بەرێگاچارەيەك بۆ كێشەكانيان‌و بەرەنگاربوونەوەى توندوتيژى دانەنێن.

**چوارەم: خولى مافەكانى مرۆڤ بۆ وتاربێژانى ئايينى لە گەرميان(كەلار):**

**بەرێوبەرى چالاكى:** بەختيار حاجى عبدالله.

**وانەبێژان:**

- مجيد ابراهيم رەزا.
- د. صباح بەرزنجى .
- مەلاحمەامين چەمچەماڵى .
- شێخ علاء الدين نورى .
- مەلاكەريم فەرەج .
- شێخ ماجد حەفيد .
- مافناس بكر حمەصديق .
- مەلاحمەامين عبدالقادر .
- بەختيار حاجى عبدالله .

**دەسپێکردن:** (٢٠٠٢/٥/١٣) .

**تەواو بوون:** (٢٠٠٢/٥/٢٣) .

**ژمارەی بابەتەکان:** (٢٣) بابەت .

**ژمارەی بەشداران:** (٣٧) وتاربێژ .

**ناوچەی بەشداران:** (کەلار، باوەنور، رزگاری، پێباز، قورەتو، کفری) .

**کاریگەری دوو خولەکە:**

- وەك بەشێك لە خولەکە بەشداربووان چەند وتارێکیان تایبەتکرد بە مافی‌مرۆڤ، ئەمەش کاریگەرییەکی باشی لەسەر خەڵك دروستکرد.
- جەختکردنەوە لەسەر دیاردەی خۆسوتاندن لەلای ژنان‌وهۆکارە پاڵنەرەکان ڕۆڵی‌خۆی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی ژنان‌و کەسوکاریان سەبارەت بەم دیاردەیە.
- خستنەگەڕی زانایانی ئاینی لە بواری مافی مرۆڤدا کارێکی داهێنەرانەبوو، دواتر چەندین ڕێکخراو بۆ ئەم مەبەستە داوای هاوکارییان لە ناوەندکرد.

**پێنجەم: نوسین‌و چاپکردنی پەرتوکی (خوێندنەوەیەک بۆ مافی مرۆڤ لە شەریعەتی ئیسلام‌و دەقەمرۆییەکاندا):**

**پوختە:** پەرتوکەکە بریتییە لەو بابەتە سەرەکییانەی کە لەخولی زانایانی ئایینی لەلایەن مافناس (بکرحمەصدیق)ەوە پێشکەشکران، تا زانایانی ئایینی وەك سەرچاوەیەك سودی لێوەربگرێت ئەم پەرتوکە (١٠٠٠) دانەی لێ چاپکراو بەسەر دەزگا رەسمی‌و ڕێکخراوەکان‌و زانایانی ئایینیدا دابەشکرا.

**شەشەم: : دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندی ڕێکخراوەکان لە سلێمانی:**

**بەڕێوەبەر:** هەڤاڵ ئەبوبەکر.

**کۆبوونەوەی دامەزراندن:** (٢٠٠٢/٩/١٥)

**بەشداران:**

- ناوەندی رۆشنبیریی بەدلیسی.
- وەزارەتی ماڤ مرۆڤ.
- ڕێکخراوی لانەی منالان.
- ڕێکخراوی ئاسوودە.
- یەکگرتووی خوشکان.

**کۆبوونەوەی دووەم:** (٢٠٠٢/١٠/١٤).

**ژمارەی لایەنە بەشدارەکان:** (١٠) ڕێکخراوو لایەن.

**کۆبوونەوەی سێیەم:** (٢٠٠٢/١١/١٤).

**ژمارەی بەشداران:** (١١) ڕێکخراوو لایەن.

**کۆبوونەوەی چوارەم:** (٢٠٠٢/١٢/١٤).

**پوختە:**

لە پێناو برەودان بە پەیوەندیو هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکانو ئاڵوگۆڕی زانیاریی لە نێوانیاندا، ناوەند هەوڵی دامەزراندنی ئەم تۆڕەی داو لە ئاکامدا لە کۆبوونەوەی سێیەمدا بڕیاردرا بە ناوی (کۆمسیۆنی ناساندنی مافەکانی مرۆڤ) پەرە بە کارەکانی بدات.

**کاریگەریی:**

- تۆڕەکەو کۆبوونەوەکانی هۆیەکبوو بۆ زیاترکردنی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوەکانداو ئاگاداربوون لە یەکتر.
- هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکان چووە قۆناغێکی پێشکەوتوو، لە ئاکامی ئەمەشدا کۆمسیۆنی ناساندنی مافەکانی مرۆڤ پێکهات.

**حەوتەم: شانۆگەریی (گەڕانەوە بۆ خوێندنگە):**

**بەڕێوەبەری چالاکی:** بورهان قەرەداغی.

**ئەکتەرەکان:**

- ڕۆژە حسن صالح.
- ژوان لەتیف ئەحمەد.
- کاروان عەبدوڵڵا صوّفی.
- کاژاو محەمەد عەلی.
- لوقمان عەلی محەمەد.

**یەکەم نمایش:** (٢٠٠٢/١٠/١٣).

**دوا نمایش:** (٢٠٠٢/١١/٢٨).

**ژمارەی نمایش:** (١٠٥).

**شوێنی نمایش:** خوێندنگه سەرەتاییەکانی سلێمانی.

**ژمارەی بینەر:** (٥٥٠٠٠) بینەر.

**پوختەی شانۆگەرییەکە:**

شانۆگەرییەکە تایبەت بوو بە مافەکانی منداڵو ڕوونکردنەوەی ئاکامە خراپەکانی زەبروزەنگ لەسەر کەسێتی منداڵ، ئامانجێکی تری شانۆگەرییەکە هاندانی منالآن بوو لەسەر خوێندنو ناساندنی شێوازی هەڵسوکەوتی گونجاو لەگەڵ قوتابیدا بە مامۆستایان، تا نەبنە هۆکارێك بۆ دابڕانی منالٚ لە خوێندن.

**کاریگەریی:**

- زۆرینەی مامۆستایانی خوێندنگەکان دووپاتی کاریگەریی ئەم چالاکییانەی ناوەندیان دەکردەوە، کە هۆکارێکی سەرکەوتووە بۆ هاندانی منداڵو ڕۆشنبیرکردنی.
- هەندێ لە خوێندنگاکان داوای دەقی شانۆییەکەیان کرد، تا هەندێ قوتابی پرۆڤە پێبکەنو دواتر بۆ قوتابیانی نمایش بکەن.
- لە دوای داڕشتنەوەی دەقی شانۆییەکە بە هۆنراوەو تۆمارکردن وەك درامایەکی رادیۆیی، ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان کارەکەی بەرزنرخاندو کردی بە بەشێك لە بەرنامەی منالآنی ئێستگەکەیان.

**هەشتەم: خولی مافەکانی مرۆڤ بۆ وتابێژانی ئایینی/ شارەزوور.**

**سەرپەرشتیار:** بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

**ڕێکخەر:** میقداد مستەفا قادر.

**وانەبێژان:**

- مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی.
- د. صەباح بەرزنجی.
- مافناس بەکر حەمە صدیق.
- شێخ ماجید حەفید.
- محەمەد ئەمین موفتی.

**دەستپێکردن:** (٢٠٠٢/١٢/٢٤).

**تەواوبوون:** (٢٠٠٢/١/٩).

**ژمارەی بابەتەکان:** (١٨).

**ژمارەی بەشداران:** (٢٢) وتاربێژ.

**ناوچەی بەشداران:** (سەید صادق، هەڵەبجەی شەهید، عەربەت، شانەدەری، وارماوا).

**پوختە:**

لە پێیناو بەگەڕخستنی ڕۆڵی زانایانی ئایینی بۆ خزمەتکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا، ناوەند ئەرکی لێکدانەوەی مافەکانی مرۆڤی لە شەریعەتی ئیسلامو بەراوردکردنی بە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بۆ زانایانی ئایینی گرتە ئەستۆ، بە مەبەستی ڕۆشنبیرترکردنی زانایان لەم بوارەدا، تا ئەوانیش ببنە تەوەرەیەك لە ناساندنی مافەکانی مرۆڤو کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکاندا.

**نۆهەم: خولی مافەکانی مناڵ بۆ مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی/ شارەزوور.**

**سەرپەرشتیار:** بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

**ڕێکخەر:** میقداد مستەفا قادر.

**وانەبێژان:**

- صادق عوسمان عارف.
- نەزیرە عەبدول.
- غەفور محمەد ئەمین.
- کەمال مەحمود صاڵح.
- لوقمان محەمەد عەلی.

**دەستپێکردن:** (٢٠٠٢/١١/١٩).

**تەواوبوون:** (٢٠٠٢/١٢/١).

**ژمارەی بابەتەکان:** (١٦).

**ژمارەی بەشداربووان:** (٣٦) مامۆستا.

- **ناوچەی بەشداران:** (هەڵەبجەی تازە، وارماوا، گوندەکانی: کانی میل، بەردەکەڕ، دارە ڕەش، کانی بەردینە، بیسەلمێن، کانی مراوی، ڕازیانە).

**دەهەم: خولی مافەکانی مناڵ بۆ مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی/ دەربەندیخان.**

**سەرپەرشتیار:** بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

**ڕێکخەر:** میقداد مستەفا قادر.

**وانەبێژان:**

- صادق عوسمان عارف.
- غەفور محەمەد ئەمین.
- کەمال مەحمود صاڵح.
- بەختیار حاجی عەبدوڵلا.

**دەستپێکردن:** (٢٠٠٢/١٢/٢١).

**تەواو بوون:** (٢٠٠٢/١٢/٣٠)

**ژمارەی بابەت:** (١٣).

**ژمارەی بەشداربووان:** (٢٥) مامۆستا.

**ناوچەی بەشداران:** (دەربەندیخان، گوندەکانی: کویرەك، قلیجە، کانی سارد، کانی توو، ژاڵ ناو).

**پوختە:**

لە ئاکامی راپرسییەکانی ناوەند لە میانەی خولی گەڕۆکی مامۆستایان، روون بوویەوە کە دیاردەی بوونی زەبروزەنگ لە خوێندنگەی (شارۆچکەو قەزاو ناحیەو ئۆرۆدوگا)کان زیاترەو هۆکاری ئەمەش کەمی زانیاری مامۆستایان سەبارەت بە مافەکانی منداڵو شێوازی وانە وتنەوەی نوێ بوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەش ناوەند هەستا بە کردنەوەی ئەم خولانە بۆ مامۆستایان.

**کاریگەریی:**

- بەشداربووان لە کۆتایی خولەکاندا ئاماژەیان بۆ سوود وەرگرتنیان لە خولەکان دەکردو داواکار بوون کە سالانە خولی هاوشێوەیان بۆ بکرێتەوە.
- هەندێ لە مامۆستایان پێشنیاری دانانی وانەی هەفتانەیان لە لایەن ناوەندەوە بۆ مامۆستایان کرد، تا بتوانن زیاتر شارەزایی لە شێوازی وانەوتنەوە بەبێ بەکارهێنانی زەبروزەنگ پەیدا بکەن.

**یازدەهەم: بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی (نامە):**

بڵاوکراوەی (نامە)، بڵاوکراوەیەکە (٢) مانگ جارێك لە لایەن (ناوەند)ەوە بڵاودەکرێتەوەو گرنگی بە بڵاوکردنەوەی چالاکیی رێکخراوەکان دەدات، جگە لەمە هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی بابەتی رۆشنبیریی سەبارەت بە کاری رێکخراوەیی و هۆشیاریی دیموکراسیی و مافی مرۆڤو کۆمەڵگەی مەدەنی.

لە ماوەی ساڵی (٢٠٠٢)دا دوو ژمارەی لە مانگەکانی (تشرینی یەکەم)و (کانوونی یەکەم)دا لێدەرچووە.